


# هونەری وەرگێڕان

عەبدولخالق بەرزنجەیی



هەر لە کۆنەوە گەلانی جیهان درکیان بەوە کردبوو کە زۆر پێویستە بۆ ئاڵوگۆڕی زانست و کولتووری نێوانیان، پێوەندییان بەیەکەوە هەبێت، بۆیە ناکرێ هیچ کام لە کۆمەڵانی ئادەمیزاد دەرگا لە سەر خۆی کلۆم بدات و لە بەرانبەر تێکڕای جیهان دوورەپەرێز بوەستێت، یان لە دژی دەوڵەمەندکردنی کولتووری خۆی و ناساندنی کولتووری خۆی بەهەموو جیهان بێ، بیەوێ بڕیار لەسەر مەرگی خۆی بدات.

لە چەرخی ئەمڕۆماندا کە حەفتا - هەشتا ساڵێک دەبێت، مرۆڤایەتی کەوتووەتە ناو گۆڕانکارییەکی خێرا، گەردوون بووەتە شارێک، یان گوندێکی بچووک، لێک نزیک کەوتنەوەش لە نێوانیاندا بووەتە پێویستییەکی زیاتر لەوەی لە ڕابوردوودا هەبووە، نەخاسمە لەدوای شۆڕشی گەورەی "زانستی" کە لە بوارەکانی داهێنان و ئامێرەکانی گرتووەتەوە.

بێ گومان وەرگێڕان زانست و هونەرە، کە دەڵێین زانستە: واتە لە ڕێگەی زمانەوە کولتووری نەتەوەیەک وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی نەتەوەیەکی تر. کە دەشڵێین هونەرە: واتە وەرگێڕ بەتوانایی خۆی ئەم هونەرە دادەڕێژێ، کەواتە وەرگێڕان کردەوەیەکی ئاسان نییە هەروا بە سانایی خۆمانی لەقەرە بدەین، بەڵکو چاوقایمییەکی مەترسیدارە! هەندێک دەڵێن: وەرگێڕ دانەری دووەمە، هەندێ ڕەخنەگریش بە (بیدعە)ی ئاخاوتنی لە قەڵەم دەدەن، کەچی ئیتاڵییەکان دەڵێن: وەرگێڕ ناپاکە، بێ گومان لەم قسە نەستەقەیاندا مەبەستیان لەو جۆرە وەرگێڕانە بووە کە ناوەرۆکی بەرهەمەکانیان بە دەستپاکییەوە نەگواستووەتەوە بۆ زمانی دووەم، ئەمەش زۆر جار دەبێتە هۆکاری لێک تێنەگەیشتن لەنێوان مرۆڤەکان، هەندێ جاریش لەنێوان وڵاتاندا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە سەردەمەکانی پێشوودا، وەرگێڕی شارەزا و هەڵکەوتوو دەرکەوتن، پایەی ئەم هونەرەیان بەرزکردووەتەوە، وەرگێڕانەکانیان بووەتە سەرچاوەی دەستوورێک کە ئەمڕۆ توانیومانە بیکەینە بناغەیەکی پتەو بۆ هونەری وەرگێڕان.

لەبەر ئەمە ئەستەمە بتوانین پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ وەرگێڕ دابنێین، چونکە وەرگێڕان زانست و هونەرە، لەناو هەناوی مرۆڤ هەڵدەقوڵێ، ئەوانەی لە بواری وەرگێڕاندا کاردەکەن زۆرن، بەڵام زۆربەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیان بۆر و کرچوکاڵن؛ ڕاستییەکەی گەورەترین گرفت لە وەرگێڕاندا شیعر و تێکستە ئایینییەکانە کە زۆر جار ڕستەکان لە پیرۆزی و پاکی و واتا بەرزەکانیان دەپووکێنێتەوە، دەبا ئێمەی کوردیش هانی حکومەتی خۆمان بدەین دەزگایەکی فەرمیی بۆ وەرگێڕان دابمەزرێنێ تا بە هەرەوەزی کاری تێدا بکەین و شانبەشانی وڵاتانی دیکە، شارستانیەت و ژیاری نەتەوەیی خۆمان پێش بخەین.